# پەیامی خەڵکمان هەلیەم

* نازانم بۆچی هێزەکانی ئاسایش دوای تەقینەوەکان توندی دەکەن و ڕێگەوبانەکان دەگرن! ئاخر باشتروایە ئەوان بەرلەوەی کاقرەساتەکان ڕوووبدەن چاوکراوەتر پارێزگاری لە ئاسایش و ئارامی بکەن، نەک دوای زیانەکان !!

**سوهەیلە مەجید**

هەق نیە بەرلەوەی تۆمەتەکان بەسەر کەسێک ساغ بکرێنەوە ناوی بە ڕۆژنامەو بڵاوکراوەکان بدرێ و بە تاوانبار بناسرێ، وەکو ئەو کەسەی لە هەولێر هەم خۆی تێچوو، لۆریەکەی سووتا کەچێ لەخۆڕاوە تۆمەتبار کراو خەڵک هۆی هایان لێکردن، دواتر دەرچوو ئەو کردەوەکەی ئەنجام نەداوەو خۆیشی یەکێک لە قوربانیەکان بووە نەک خۆکوژ!

**ئاری مستەفا- هەولێر**

ئاخۆ کەی خاوەن مولیدەکان لەسەر بەرنامەکانیان دەڕۆن ؟! جاری وا هەیە لەخۆڕاوە دەیکوژێننەوە، کە دەچین و پرسیار دەکەین، دەڵێن: وەڵڵا تەزووی زۆرتان ڕاکێشاوە،لەوانەیە گیزەرتان هەڵکردبێ! لەکاتێکدا جگە لە تەلەفزیۆن شتی دیکەش ڕۆشن نەکراوە!

**دایکی سنوور**

* هیوادارین دڵسۆزێک لەو بەرپرسانە بپرسێتەوە کە بۆچی گوشار لە بەڵێندەران دەکەن و ناە پرۆژەکان تەواوبکەن، بە بەڵێندەرەکان دەڵێن ئەگەر بەشی ئێمە نەدەی ڕێگەت پێنادەین کە تەواوی بکەیت! کۆمپانیایکی تورکی گوتبووی بۆیە پرۆژەی ڕێگەی عەربەت – سلێمانیم بەجێ هێشت چونکە بەرپرسێک داوا دەیان دەفتەر دەۆلاری لێدەکردم!

**شۆفێرێکی ماندوو**

# کچانی زیرەک درەنگ شوو دەکەن

## ئامادەکردنی : دایکی سۆز



دیاردەی هاوسەرگیری لەنێو هەموو کۆمەڵگەکاندا هاوشێوە نیە. لە کۆمەڵگە کۆنەپارێزو دواکەوتووەکاندا زۆر زوو گوشار لە کچان دەکرێ تا شوو بکەن و پرۆسەی هاوسەرگیری بە لووتکە بگەیەنن. هەندێ جار پێش تەمەنی هەژدە ساڵی کچان ڕەوانەی ماڵی مێردیان دەکرێ. تەنانەت هەڵوەشاندنەوەی ژیانی هاوسەریی بە شەرم دەزانرێ و تا بۆیان بکرێ ڕێگەی ژنان نادەن کە ژیانی هاوسەرێتی تێک بدەن، بە پێچەوانەوە لە کۆمەڵگە پێشکەوتووەکاندا گوشار لەسەر کچان نیەو ئەوان ئارەزوومەندانە هەرکاتێ بیانەوێ و بۆیان هەڵبکەوێ دەتوانن پرۆسەی هاوسەرگیری بەڕێوەببەن. تەنانەت لە کۆمەڵگە پێشکەوتووەکان هەندێ کەسی وا هەن کە بەردەوام پرۆسەی هاوسەرگیریی دووپات دەکەنەوە. لە شکان و هەرەسهێنانی ژیانی هاوبەش ناترسن، ئەگەر بەیەکەوە نەگونجێن و سەرکەوتووش نەبن، دەستەو وەستان دانانیشن، بەڵکو هەر زۆر زوو پرۆسەکە نۆژەن دەکەنەوە. لەو کۆمەڵگەیانەدا کەسانی واهەن چەندین جار پرۆسەی هاوسەرگیریان ئەنجام داوەو هەڵیوەشاندۆتەوە. بۆیە لەو کۆمەڵگەیانەدا لێکۆڵینەوەی جۆراوجۆر بۆ پرۆسەی هاوسەرگیری دەکرێ. دەیان تۆژینەوەی زانستی و کۆمەڵایەتی و ئابووریان بۆ تاقی دەکرێتەوە. ئەوان ئامانجیانە کە بزانن کام لە مرۆڤەکان زووتر بەرەو دنیای هاوسەرگیری دەڕۆن و کامانەش بە پارێزەوە دەستی بۆ دەبەن. کامانە ئاسوودەو بەختەوەرن، کامانەش دووچاری گرفت و دەردەسەری دەبنەوە.

لێکۆڵەرەوان لە ژیانی هەموو جۆرە مرۆڤێکیان کۆڵیوەتەوە، ئەوانی پرۆسەی هاوسەرگیریان ئەنجام داوەو بەردەوام بوونە، ئەوانەی هەڵیانوەشاندۆتەوە.

تۆژەرانی وڵاتانی پێشکەوتوو لێکدانەوەی جۆراوجۆریان سەبارەت بە مرۆڤەکان ئەنجام داوە کە لایەنی جۆراوجۆریشیان لە خۆ گرتووە، بەڵام ماوەیەکە دیاردەی قەیرەیی بە ئاشکرا هەستی پێدەکرێ، بۆیە لێکۆڵینەوە لە هاوسەگیری پێویستی بە ماندووبوون و شرۆڤەیەکی قووڵتر هەیە. لەم پێوەندیەدا لێکۆڵینەوەیەکی زانستی دەریخستووە کە هاوسەرگیری لەلای کچانەوە پەیوەندی بە ئاستی هۆشیاری و ڕادەی زیرەکیەوە هەیە.

لێکۆڵینەوەیەکی زانستی کە لەلایەن زانستگەکانی بەریتانیاوە ئەنجام دراوە، دەری خستووە کە کچانی ژیر و زیرەک درەنگ شوو دەکەن.

لێکۆڵینەوە هاوبەشەکەی زانستگەکانی بەریتانیا ئاشکرای کردووە ئەگەری هاوسەرگیری لەلای کوڕان لە هەر ١٦خاڵ، لە تاقیکردنەوەکانی ( زیرەکی ) تیژهۆشیدا تەنیا ٣٥% زیاد دەکات، بەڵام هەمان پێوەر لەبالآتری تیژهۆشی لەلایەن کچانەوە ئەگەری هاوسەرگیری بە ڕێژەی ٤٠% کەم دەکاتەوە.

لەو لێکۆڵینەوەیەدا کە چوار زانستگەی ناوداری بەریتانیا چل و یەک ساڵ لەمەوبەر ئەنجامیان دابوو ڕادەی زیرەکی نۆ سەد کچ و کوڕی تەمەن یازدە ساڵیان پێوابوو، دوای چل ساڵ دووبارە سۆراغی ئەو نۆ سەد کەسەیان کردۆتەوە، ئەوانیان دۆزیوەتەوەو سەبارەت بە هاوسەرگیری پرسیاریان لێکردوون. دوای لێکۆڵینەوە لەسەر ڕێژەی هاوسەرگیری بۆیان دەرکەوتووە ئەو کچانەی کە ڕادەی زیرەکی باڵاتریان هەبووە، کەمتر بەدوای شوو کردن ڕۆیشتوون، زیاتر بەرەو پێشکەوتنەکانی بواری ژیان هەنگاویان هەڵێناوەتەوە، بە پێچەوانەوە ئەو کچانەی کە ڕادەی زیرەکیان نزم بووە هەر زۆر زوو هەوڵی دروستکردنی ماڵی هاوبەشیان داوەو زۆر زوو پرۆسەی هاوسەرگیریان ئەنجام داوە.

لێکۆڵینەوەکە بەو باوەرە گەیشتووە کە زیرەکی و تیژهۆشی کاریگەری لەسەر کاتی منداڵ هێنانە ژیانیشەوە هەبووە. ئەوانەی ڕادەی زیرەکیان کەم بووە، لە دوای شووکردن حەزیان لە منداڵیش بووەو زووش هەڵپەی هێنانە ژیانیان کردوون، ئەوانەی دیکە بە کاوەخۆ، دوای لێکدانەوەیەکی زۆرو بەرنامەڕێژی بۆ کردن ئەوسا بیریان لە هێنانە دنیای منداڵ کردۆتەوە. زیرەکەکان نەیانویستووە هەروا لە گۆترە و بۆ ئارەزووی کەسێتی خۆیان منداڵ بەرهەم بێنن، ئەوان زەمینەی باشیان ڕەخساندووە، لە بواری ئابووری خۆیان دابین کردووە، بۆ بەردەوامبوونی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی هەوڵیان داوە منداڵی ساغ بەرهەم بێنن وباشیش باریان بهێنن ، بە جۆرێکی ئەوتۆ بیریان لە داهاتووی منداڵەکەیان کردۆتەوە کە بۆ دوارۆژی کۆمەڵگە سوودمەند و چالاک و کارا بێ و نەبێتە بارێکی گران بەسەر کۆمەڵگەکەوە.

لێکۆڵینەوەکە ئەو ڕاستیەی ئاشکرا کردووە کە کچانی زیرەک و هۆشیار ترسیان لەتەمەن نەبووە، بەرنامەی تایبەتی ڕۆژانەیان پێڕۆکردووە. بەدوای ئارایش ومۆدێل وخۆدەرخستن نەڕۆیشتوون، هەوڵیان داوە لە واتای ڕاستینی ژیان بگەن، بۆ ئەو هۆیەش درەنگ شوویان کردووەو بەبەرنامەش هەوڵیان داوە کە منداڵ بێننە ژیانەوە.

# هونەرمەندانی کوردستان دووجار بێبەشن

## شەرمین عەباس- سوید

ئەگەر تۆزێک وردبینانە لە ژیانی هونەرمەندانی کوردستان بڕوانین، بۆمان دەردەکەوێ کە چەندە بێماف و بێ بەش ماونەتەوە.

هونەرمەندانی وڵاتان لەلایەن خەڵکەوە ڕێزیان لێ دەگیرێ. زەمینەی کارکردنی هونەرییان بۆ دەرەخسێندرێ. کۆمەک دەکرێن و باروبوویان دەکرێ. بەوهۆیەشەوە هەم هونەرەکەیان گەشە پێدەدەن، هەمیش ژیانێکی باش بۆ خۆیان و منداڵەکانیان دابین دەکەن.

وەک دەبیندرێ زۆربەی گۆرانیبێژ و هونەرمەند و ئەکتەرەکانی دیکەی بواری شانۆ و سینەمای وڵاتان داراو سامانداران، بەڵام گۆرانیبێژ و هونەرمەندانی کوردستان نەک هەر خۆشبەخت و پولدار نین، وەکو پێویست ڕێزیشیان لێناگیرێ. نەک هەر زەمینەی کارکردنیان بۆ نارەخسێندرێ، بەڵکو بواری کارکردنیشیان لێ بەرتەسک دەکرێتەوە.

هونەرمەندانی کوردستان بەسەر دوو دەستە دابەش کراون، ئەوانەی سەر بە حزبەکانن یان بەختیان هێناویەتی و بە هەندەران گەیشتوون، هەم توانیویانە ژیانێکی باشتر بۆ خۆیان دابین بکەن و هونەرەکەشیان باشتر برەو پێبدەن، هەمیش لەلایەن بەرپرسانی حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە باشتر باوەشیان بۆ دەگیرێتەوە.

زۆر جاران ڕۆژنامەکان باسی ئەو خەڵات و دیاریانە دەکەن کە بەرپرسانی کوردستان بەو هۆنەرمەندانەی هەندەرانیان دەدەن. هەندێک لەوانەی کە لەلایەن بەرپرسانەوە ڕێزیان لێگیراوەو خەڵات کراون و زەویان پێدراوە، هەر پێویستیشیان بەو کۆمەک و هاوکارییە نیە. ئەمە لە کاتێکدا کە هونەرمەندانی ناوخۆی کوردستان لە هەردوو جەژن بێبەش کراون، نە دەستیان لە هەندەران گیر بووە تا ژیانێکی باشتر بۆ خۆیان دابین بکەن و باشتریش پەرە بە هونەرەکەیان بدەن، نە لەلایەن بەرپرسانیشەوە ئاوڕیان لێ دەدرێتەوە.

بەرپرسانی کوردستان هەقە لە سەرەتا بەو هونەرمەندانە ڕابگەن کە لە کوردستان ماونەتەوەو درێژەیان بە خزمەتکردن داوە. ئەگەربە چاوێک هونەرمەندانی هەندەران دەبینن، با بە چاوەکی دیکەشیان ئەوانەی ناوخۆی کوردستان ببینن. ئەگەر ئەوانەی هەندەران شایانی ڕێزگرتن و خەڵات کردنن، ئەوانەی ناو کوردستان دووجار شایانی ڕێزلێگرتن و خەڵات کردنن، بەڵام بۆ ئاوڕیان لێ نادەنەوە ؟!.....

# ئەفسانەیەکی جوان

## سالار توتمانی

لە تەنیشت گوندەکەمانەوە گردۆڵەیەک هەبوو، بەسەر ئەو گردۆڵەیەدا ڕێگایەک دەچوو بۆ گوندەکەی دراوسێمان.. بەو ڕێگایە دەوترا ڕێگای ((پیاوە کوژراوەکە) لەدوای زەردەپەڕی ئێوارەوە . خەڵکی لەو ڕێگەیەوە نەدەڕۆیشتن و نەیاندەوێرا و دەیانووت تارمایی پیاوە کوژراوەکە ڕێگاکە دەگرێت بەسەرهاتی جۆراوجۆریان دەگێڕایەوە لەو ڕێگایە، هەبوو دەیووت گوێم لێبووە دەنگی ناڵەو هاواری ئەو پیاوە لەو جێگەیەوە هاتووە هەبوو سوێندی دەخواردوو دەیووت بەچاوی خۆم بینیومە شەوانە (نور)ی لێبەرز بۆتەوە.

درەختەکانی دەوروبەری شوێنی پیاوە کوژراوەکە، پیروو وشک هەڵاتبوو بوون.. کەس لقێکی لێنەدە کردنەوە، تا ئەژنۆیەک گژوگیای هەڵدەستا، هەرگیز حەیوان و گایەلی ئاواییان نەدەبرد بۆ ئەو جێگایە.. دەیانووت حەیوانەکانمان مردار دەبنەوە، شوێنی پیاوە کوژراوەکە کرابووە جێگای نزاو پاڕانەوە لەخودا، چەندین جۆر نەخۆشی لەخۆ گرتبوو هەرکەس ناهەقی لەگەڵ بکرایە لەسەر گلکۆکەی ئەودا سکاڵای دەکر.

ئەم پیاوە کوژراوە بەمەبەستی سەردان بۆ ماڵی خوشکێکی چەن دانە چەتە ڕێگەی پێدەگرن و پاش ڕووت کردنەوە دەیکوژن و لەوێدا دەیکەن بەژێر خاکەوە.. ئیتر ساڵ لەدوای ساڵ چیرۆکێک بەسەر هاتێکیان بۆ دادەتاشی و دەیانخستە سەر باسەکانی تری. ڕاوچییەکانیش نەیاندەوێرا نزیکی ئەو شوێنە بکەونەوەو ڕاویان تێدانە دەکرد، بۆیە هەمیشە پڕبوو لەکەروێشک و کەوو کۆتر بۆ خۆی وەک جیهانێکی گیاندارانی لێهاتبوو، گێڕانەوەی ئەم بەسەرهاتە بۆ ئەوەبوو بڵێم: ئەگەر بەرزبوونەوەی نوورو گوێ لێبوونی ناڵەو هاوار لەمردوو سەرجەم ئەو چیرۆک و بەسەرهات و پیرۆزیانەی درابوو بەکوشتنی ئەو پیاوە، ئەفسانەو دروستکراوی دەستی مرۆن خۆی بوو بێت، دەتوانین ناوی بنێین (ئەفسانەیەکی جوان) هەر لەرێگەی ئەم ئەفسانە جوانەوە، دەتوانین دنیایەک لەحیکمەتەکانی مرۆڤ دۆستی و ژیان دۆستی بچنینەوەو لەتەک ئەمرپدا بەراوردێکی پێدروست بکەین و ڕابمێنین لەئاسایکردنەوەی کوشتن و بەشوێن ئەو هۆکارانەدا بگەڕێین کەدەستیان هەبووە لەکاڵکردنەوەی هەیبەتەکانی مرۆڤ و بایەخە ڕەونەقدارەکانی مرۆڤ.

جەنگەکانی عێراق کوردوو عێراق ئێران و عێراق کوەیت. کەبەسەر پەرشتی بەعس و سەدام بەڕێوەجوو دەکرێت وەک هۆکارێکی ئاسایکردنەوەی کوشتن لێبڕوانین و ئەژماری بکەین. چونکە لەو جەنگانەدا قوربانییەکان و لاشەی قوربانیەکان بۆیەکەمجار لەڕێگای پەخشی تەلەفزیۆنەکانەوە هاتە ناو ماڵەکانمان کە ئەوکاتە ناوی لێنرابوو (صورە المعرکە) لەمەیدانی جەنگەوە، هاوکات لەتەک ئەمەشدا لەدەرەوەی شاشەی تەلەفزیۆنیشەوە، حزبی بەعس جۆرە مۆدێلێکی دیکە لەکوشتن و ئاسایکردنەوەی کوشتن لەسەر جادەو کوچەو کۆڵان و گۆڕەپانە قەرەباڵغەکاندا بەگیانی شۆڕشگێڕە کوردەکان و لەسەر عارەبانەو بەستنەوەی چاویان ڕەمی کردنیان بەئاشکرا بۆ نمایش کردین.

بەداخەوە لەپاش ڕاپەڕینیش، بەهۆی پێکدا هەڵپژانی ڕەنگەکانەوەو مکەوتنەوەی ئاگری جەنگی ناوخۆ براکوژییەوە.. ئەم وێنەوە نمایشە درێژبوونەوەو سکێچەکانی پێش ڕاپەڕینیان لەبری سرینەوە.. تۆخ کردەوە ئەو جنگە ناوخۆییەش چەشنە مۆدێل و کوشتنێکی پیشاندایین کەتازەو نوێبوون پێشتر نەماندیبوون.

ئەم پشوونەدان و بەردەوام بوونەی تفەنگ و کوشتن و خوێنە.. جۆرێک لە ئیدمانی پێبەخشین نەیهێشت خانەکانی دیکەی مێشکمان دروست ببن و بیر لەهاوکێشەیەک بکەینەوە بۆ دۆزینەوەو قورسکردن و یاساغ کردنی کوشتن.

وەک چون وتوویانە گەورە ئاو دەڕێژێت ... بچوک پای تێدەخات ئاسایبوونەوەی کوشتن شۆڕبوەوە بۆ خێزانەکانیش. لەوێشەوە بۆ خۆسوتاندن و خۆ خنکاندنی تاکەکانی کۆمەڵگە چونکە ئاسایکردنەوەی کوشتن گەیشتە سەر ئێسک و قۆناغی ئەودیوو جەنگەڵیشی بری و نێرینەکانی فێری ئەوەکرد مێینەکان بکوژن نێرینەکانی فێری ئەوەکرد لەتەک ڕەگەزی خۆیاندا جووت ببن و سێکس بکەن.

کەلەم دواییانەدا لەخوار کەمەری (شێخ زانا)وە دیمەنەکانمان بینی و بە بەردوو بلۆکەکانی سەر جەستەی (دوعا)دا وێنەمان گرت و لەڕێگەی بلووتوزەوە بۆ نێو موبایلەکانی یەکترمان ڕەوانەدەکرد هەنوکە ئەوەندە ئاسایبووەتەوە کوشتن..! نەدیمەنە کارەسات بارەکەی شێخ لەزهنماندا ماوە نەهات و هاوارەکەی (دوعا)... ئەم ئاسایکردنەوەیەی کوشتن چاوەڕوانی کردوین بەدیار هەڵقەکانی دیکەی کوشتنەوە دابنیشین بۆ بینینی چەشن و جۆرێکی دیکە لەخاپوور بوونی مرۆڤایەتی. کە نەلەوەی شێخ زانا بچێت و نە لەشێوەی کوشتنی (دوعا) چونکە هیچ کام لەم چەشنە مۆدێلی کوشتنانە برگەیەکیان لەیاساو دەستووری ئەم وڵاتە نەگۆری.

# وێنە دەدوێ



سەربازانی ئەمریکا لە ئەفگانستان کەسێک دەسووتێنن!